سەماحەتی حەکیم داوای دامەزراندنی سەنتەری عەراقی بە بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە و بەیەوەبردنی فرەیی دەکات

لە دووەمین رۆژی سەردانەکەی بە پارێزگای کەرکووك ، بەڕێز عەمار حەکیم سەرکیرەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە بەڕێز دکتۆر عومران جەمال حەسنی سەرکی زانکۆی کەرکووك و ئەنجومەنی زانکۆکە و کەمەك عەمیدی زانکۆکان کەوت، لەم دیدارەدا سەماحەتی ستایشی پێشکەوتنی بیناسازی و زانستی زانکۆکانی کرد.
سەماحەتی داوای کرد کە پالپشتی زانکوکان بکرێت و وا بکرێت کە تواکانی بقۆزرێتەوە و عەقڵە زانستی و بەهرەدارەکان بە خزمەتی وڵات بکار بهێنرێت، هەروەها داوای لە زانکۆ و مامۆستاکانی کرد کە دەستپێشخەر بن لە مامەڵە کردن لەگەڵ دامودەزگای حکومەت و داواشی کرد سەنتەرێکی تایبەت بە بەیەکەوە ژیان و بەیەوەبردنی فرەیی عەراقی دابمەزرێت.

سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر جیاکردنەوەی ئەژەی زەر و کوالیتی بە دەرچوانی زانکۆیەکان چونکە هەندێك بەش فشاری زۆری لەسەرە و هەندێك بەشیش زەر دەگمەن دەردەکەون.
سەماحەتی دووپاتیشی کردەوە کە پێویستە تایبەتمەندییەکان بەهێند هەڵبگیرێن و بەرەو پێمانگا هونەرییەکان جووڵە بکرێت بە ئەوەی کرێکاری پرۆفیشنال دەربچن، هەروەها دەبێت هەمیشە دیدو ئامانج لەبەر چاو بگیرێت، گرنگیشە ئەو عەقلانەی لە نەوەوە هەن سوودیان لەوەر بگیرێن و بە دەرەوە بنەردرێن چونکە عەقلیەتی عەراقییەکان زەر نایابە داهێنانی تێدایە.
سەماحەتی حەکیم داواشی کرد نامەکانی ماستەر و دکتۆرا بە پێی پێداویستی و گرنگی بێت و واقیعیەتی تێدا بێت زیاتر لەوەی تەنها بینراو بێت، جگە لەوەش دەبێت جمکی نەوان زانگۆکان هەبیت و زانیاری ئاوگەڵ بکەن.